# وەسفی پیاوانی رژێمی بەعس چی بوو؟

ڕەحمان غریب



"ترسنۆك ولاواز ،قومارچی، درۆزن و فێڵباز" هەندێكن لە لیستی نازناوی ئەو كوردانەی كە تا ڕوخانی پەیكەرەكەی سەدام پۆلیسی نهێنی و جاسوس وپارێزەرو زورناژەنی رژێمەكەی بوون.

سەیرەو هەندێك جاریش جێگەی گاڵتەجاڕی و پێكەنینیشە، موستەشارو سەرەك مەفرزەی ئیستخبارات و فیدائیەكانی سەدام هەر یەكێكیان سەدامیكی بچوك و لاسایكەرەوەی ئەو بوون، زۆربەشیان بۆ نیشاندانی هێزو جەربەزیی خۆیان، ریش و سمێلیان درێژ ئەكردەوە بۆ ئەوەی وا خۆیان پیشان بدەن كە ڕمزی جەنگاوەرێكی جەربەزە و شەڕكەرن. جەنگاوەرێك كە بەردەوام ئامادەبوو سەری قوربانیی لە لەشی جیابكاتەوەو بیكاتە دیاری بۆ ئیستخباراتی عەسكری و ئەمنی عامە و موخابرات (كەلە زۆربەی حالەتدا قوربانیەكان شوانكارە بون).

وەلێ ئەم جەنگاوەرانە بە تەنها كارامەییان لە سەربڕینی شوان و جوتیاری هەژاری گوندەكاندا نەبوە، بەڵكو پێش هێزەكەی عەلی كیمیاوی دەكەوتن بۆ "ڕاوە پێشمەرگە" و لەگەڵ هێزەكانی سوپادا بەشداریاندەكرد لە پاككردنەوەی ناوچەكەیان لە "مخربین" كە لە شەڕگەكانیش دەگەڕانەوە ئامادەبوون بۆ شەڕەكانی "قائد ئەلزەرورە" ئاڵتونی دەستی ژنەكانیان بكەنە كۆمەك تا سەرۆكی شوعبەیەك ڕازی بكەن..

لە تازەترین بەڵگەی ئاشكرابوی موخابەراتدا دەردەكەوێت كە كاتێك ئەو "قارەمانانە" لە گەرمەی ئامادەبونیاندا بوون بۆ خۆبەختكردن بەمەبەستی "پاكتاوكردنی ناوچەكانی خۆیان لە موخریب" یان لە گەرمەی نۆكەرییاندا بۆ بەعس و دامەزراو كارتۆنیەكانی "حوكمی زاتی"، لە نوسراوی هەڵسەنگاندنەكانی موخابەراتدا لەبارەی ئەو "جەنگاوەرانەوە" نوسراو" لە ناو عەشیرەتكەی سەنگی نیە"،"كەسایەتیەكی لاوازو ترسنۆكە"،" كەسێكی درۆزن و فێڵبازە"، "پارە خۆرە و هەندێ سەرنجی سەلبیمان لەسەری هەیە" و چەندین وەسفی شیاوی دیكەش.

وێڕای ئەو پارە زۆرەی كە لە رژیم و ڕاوڕوتی گوندكان دەستیاندەكەوت، موخابرات لە سەرنجەكانیدا لەسەر سەرۆك جاشێك ئەنوسێت "قەرزێكی زۆری لەسەرە، گرفتی لەگەڵ خزمانی هەیە و بە قیست پارە وەردەگرێت."

ئەم كائینە دڵسۆزانەی سیاسەت و دامودزگاكانی بەعس لە خۆشەویستیاندا بۆ سەدام تەنانەت لە پۆشینی بەرگی عەسكەری و شێوازی دەمانچەی لاقەد و نیتاقی سەر بلوز و گرنگی دانیان بە سمێڵیاندا، لاسایی دیكتاتۆریان دەكردەوە.

كەچی لە زۆر حاڵەتدا لە لایەن فەرماندە سەربازییەكانەوە بە سوك تەماشا دەكران، خاوەنی گەورەترین سمێل و درێژترین ریشیان لە بەردەم عەریفێكی ئەمنی فەیلەقەكاندا، دەبون بە دەعبایەكی ترسنۆك و سەرشۆڕ، هیچ كام لە فووكردنە خۆ و رواڵەتی پیاوەتی و جەربەزەییان فریایان نەدەكەوتن، هەموو ئازایەتی و ڕوحی شەڕانگێزی و لاساییكردنەی دیكتاتۆر لەو ساتانەدا دەگوڕان بۆ ریاییكردن و ترس و پاڕانەوە.

تا ئێستا ئەو پیاوانە لە دیدی قوربانیانی كورددا بە تاوانبار دادەنرێن و تا ئێستاش هیچ هەڵوێست و لێپرسینەوەیەك لەبارەیانەوە نەكراوە. ئەوەتا دادگای باڵای تاوانەكان لە بەغدا لیستی بانگێشتكردنیان بۆ بەردەم دادگا بڵاو دەكاتەوە، بانگێشتكردنێكی سەرشۆڕانە: وەك تاوانبار.

ئایا تا كەی بەردەوام دەبین لە خۆخافڵكردنمان لە لێپێچنەوە لەو "شۆڕە سوارانەی" كورد كە پێشڕەوی سوپای عێراقیان دەكرد بۆ خاپوركردنی گوندەكانی كوردستان و بەتاڵانبردنی موڵكوماڵی گوندییەكان و كردنە دیاری سەرو لاشە پێشمەرگە و شوانی كورد بۆ سەرانی رژیمی بەعس؟